# شاکارێکی سروشت و رازێکی دێرینانە

## کامیل ژیر

کاری شاکاری سروشتە هێڵ و خاڵی شێوەکەی

کاتی زەردەی خۆرە نەخش و نەو شکۆفەی لێوەکەی

پەلکەزێڕینەی بەهارە تاڵی خاوی پەرچەمی

نازەبارێنێ گوڵاوی رستەکانی پڕ دەمی

❋❋❋

گەرچی من هەرچی ئەخوازم رێگەگیریم لێئەکا

بەردەوامبێ ئەو بەراتەی، تا لەدەستم رانەکا

❋❋❋

من ئەڵێم تای چاوەڕوانی هاتە کۆتا چاوەکەم

ئەو ئەڵێ هێشتا لەکوێتە لەرزی ماوە داوەکەم

من ئەڵێم هاوینە ئەم خەمسارییە ناوەختەیە

ئەو ئەڵێ زستانە لای من بەستەڵوک و شەختەیە

من ئەڵێم وا پایزە و کاتی گوشینی سێوی مەم

ئەو ئەڵێ هێشتا چرۆیە نەوبەهاری سینەکەم

من ئەڵێم شەو کردەپۆشی خانمانی خواردەیە

ئەو ئەڵێ شەو رۆژە مانگی من هەمیشە چواردەیە

من ئەڵێم ئازادییە ئێستاکە سەردەم وانیە

ئەو ئەڵێ چاوی رەسەن هەر ئاوی روونی کانیە

من ئەڵێم کات نەیبڕی ئەو لاتەداتە دەرکەنار

❋❋❋

ئەو ئەڵێ کات بێ بەهایە بۆ عەیاری بیست و چوار

من ئەڵێم مەودای تەمەن کەمفرسەتە ئەو ترسەمە!

ئەو ئەڵێ بێ خەمبە گەر خەم بۆ نەمان و پرسەمە

**من ئەڵێم وەک مردنە ژینی وەلی بێ بۆنی شەم**

**ئەو ئەڵێ نا، تا دڵێکی ئاوەدانبم واتە هەم**

**من ئەڵێم ئەم خاکە خۆڵی چەن مەمە و چەن خاتوزین!**

**ئەو ئەڵێ ئێمەی نموونەی خۆشەویستی نامرین**

**من ئەڵێم هەی بێ بەڵابی تاکو کەی دێوانەبم!؟**

**ئەو ئەڵێ رێگەی گەیشتن دوورە جارێ وائەچم!**

**ئەم هەواڵی چوونە، سەربارى خەمم بوو، وائەچێ!!**

**هەر ئەچێ، نوێژی لەسەرمە، تاکو زۆری پێنەچێ**

**بەو ئومێدەی بێتەوە و پڕکا لە تۆوی گوڵ دەمی**

**گوڵ لەوێنەی چاوەکان و لێوو خاڵ و گۆی مەمی**